# دەزگای روانگە کۆمەکی دارایی بەخشییە ١٢ گروپی خۆبەخشی بۆ جێبەجێکردنی ١٢ پڕۆژەی خۆبەخشی

لە ساڵی ٢٠٢١ دەزگای روانگە کۆمەکی دارایی بەخشییە ١٢ گروپی خۆبەخشی، لە چوارچێوەی پرۆژەی دەستپێشخەری لاوانی خۆبەخش، بۆ جێبەجێکردنی ١٢ پرۆژەی خۆبەخشی لە سەرانسەری پارێزگاکانی #هەولێر#سلێمانی #دهۆک #هەڵەبجە #کەرکوک #نەینەوا.

**بۆ ساڵی ٢٠٢١:**

پڕۆژەکە لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/١٢ ڕاگەیاندرا و لاوان ماوەی ٥١ ڕۆژیان هەبوو بۆ پێشکەش کردنی بیرۆکەی پڕۆژەکانیان. دواتر لە لایەن لێژنەیەکی هەڵسەنگاندنی شارەزا ١٢ پرۆژەی براوە هەڵبژێردران لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە، و نەینەوا. ١٢ گروپە خۆبەخشییە براوەکان لە لایەن دەزگای روانگە کۆمەکی داراییان وەرگرت بۆ جێبەجێ کردنی پڕۆژەکانیان.

١٢ پڕۆژەی خۆبەخشی لە ساڵی ٢٠٢١ کۆمەکی داراییان پێشکەشکرا و لەلایەن گروپە خۆبەخشییەکان ئەنجامدران. پڕۆژە جێبەجێکراوەکانی ساڵی ٢٠٢١:

- **پڕۆژەی هاندانی هەرزەکاران**

گروپی خۆبەخشی (لقی سەوز)، پڕۆژەی (هاندانی هەرزەکاران )ی ئەنجامدا. لە ڕێگەی ئەم پڕۆژەیە، ( ٨ ) خۆبەخش ڕاهێنانیان بۆ پاڵپشتی لاوان ئەنجامدا لە قەزای شنگال. پڕۆژەکە لە لایەن ڕاهێنەرانی شارەزاوە پێشکەش کران بۆ ماوەی ٥٦ رۆژ .

بودجەی پێبەخشراو: (٤،٢٥٠،٠٠٠) دینار

ژمارەی سوودمەندبوان: ١٢٣

- **پڕۆژەی زیاتر لە هەنگوین**

گروپی خۆبەخشی (شنروێ)، پڕۆژەی (زیاتر لە هەنگوین)ی ئەنجامدا. لە ڕێگەی ئەم پڕۆژەیە، ( ٥ ) خۆبەخش هەستان بە زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی خۆراکی تەندروست و پاراستنی ژینگە لە پارێزگای هەڵەبجە لە ڕێگەی پەرەپێدانی پرۆژەکانی دۆستی ژینگەیی وەک هەنگداری لە ڕێگەی ئەنجامدانی ڕاهێنان بۆ لاوان بۆ ماوەی دوو مانگ.

بودجەی پێبەخشراو: ٤،٢٥٠،٠٠٠ دینار

ژمارەی سوودمەندبوان: ١٠٠

- **پرۆژەی ئاو دەپارێزین ژیان دەپاریزین**

گروپی خۆبەخشی (تیم وۆرک)، پرۆژەی (ئاو دەپارێزین، ژیان دەپارێزین )ی ئەنجامدا. لە رێگەی ئەم پرۆژەیە، ( ٥ ) خۆبەخش هۆشیاری و زانیاریان بڵاوکردەوە دەرباری گرینگی پارستنی سامانی ئاو چونکە پاراستنی ئاو تەنها بۆ نەوەی ئەم سەردەمە گرینگ نیە بەڵکو پاراستنی ئاو مافێکی سەرەکی نەوەی داهاتووشە، پرۆژەکە لە قەزای رانیە ئەنجامدرا بۆ ماوەی دوو مانگ.

بودجەی پێبەخشراو: ٤،٢٤٧،٠٠٠ د.ع

ژمارەی سوودمەندبوان: ٤٠٢٦

- **پرۆژەی دروستکرنا پەرتووکخانا ل قوتابخانان**

گروپی خۆبەخشی (ڤەژین)، پرۆژەی (دروستکرنا پەرتووکخانا ل قوتابخانان) ئەنجامدا. لە رێگەی ئەم پرۆژەیە، ( ٦ ) خۆبەخش پەرتووکخانەیان لە قوتابخانەکانی قەزای ئاکرێ دروستکرد، پرۆژەکە بۆ ماوەی دوو مانگ بەردەوامبوو.

بودجەی پێبەخشراو: ٣،٦٩٤،٠٠٠ دیناری عێراق

ژمارەی سوودمەندبوان: ٤،٩٥٥

- **پرۆژەی هۆشیاربە تا سەلامەت بژیت**

گروپی خۆبەخشی (برایانی خۆبەخش)، پرۆژەی (هۆشیاربە تا سەلامەت بژیت)یان ئەنجامدا. لە رێگەی ئەم پرۆژەیە، ( ٥ ) خۆبەخش هەستان بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاک لەسەر مەترسییەکانی مین و پاشماوە جەنگیەکان لە رێگای سیمینار و خولی راهێنان و پۆستەر وسۆشیال میدیا لە ناحیەی سیدەکان بۆ ماوەی دوو مانگ

بودجەی پێبەخشراو: ٤،١١٥،٠٠٠ دیناری عێراق

ژمارەی سوودمەندبوان: ٢٨،٧٤٢

- **پرۆژەی بەرەو پێشبردنی باری خزمەتگوزاری و ژینگەیی شارەکە**

گروپی خۆبەخشی (تێکۆشەران بۆ چاکە)، پرۆژەی (بەرەو پێشبردنی باری خزمەتگوزاری و ژینگەیی شارەکە)یان ئەنجامدا. لە رێگەی ئەم پرۆژەیە، ( ٥ ) خۆبەخش شەقامێکیان لەشەقامەکانی بەشی رۆژئاوای موسڵ هەڵبژارد کاریان کردن بۆ پاککردنەوەی و چاکردنی خۆڵەکە و چاندنی نەمام لە دوورگەی ناوەندی شەقامەکە و دواتر بەشێوەیەکی وەکو دیاری درایە شارەوانی موسڵ. پرۆژە کە لە شاری موسڵ/ گەڕەکی شیفا ئەنجامدرا بۆ ماوەی یەك مانگ.

بودجەی پێبەخشراو: ٤،٢٥٠،٠٠٠ دیناری عێراق

ژمارەی سوودمەندبوان: ٥٠٠

- **پرۆژەی قوتابخانە نەک زیندان**

گروپی خۆبەخشی (پەیت)، پرۆژەی (قوتابخانە نەک زیندان)ی ئەنجامدا. لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیە، ( ٢١ ) خۆبەخش هانی قوتابیانیان دا بۆ خوێندن و بەرەوپێشبردنی خۆیان بە تایبەت قوتابیانی قۆناغی سەرەتایی چونکە ئەوان پاشەڕۆژی وڵاتن لە ڕێگەی جوانکردن و و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکانیان بە رێیەکی زانستیانە و سەردەمیانە لە ناحیەی باعەدرێ بۆ ماوەی یەك مانگ

بودجەی پێبەخشراو: ٣،٨٧٩،٠٠٠ دیناری عێراق

ژمارەی سوودمەندبوان: ٨٠٠

- **پرۆژەی نوژەنکردنەوەی سەرەتایی قوتابخانەی کەرکوکی نوێ**

گروپی خۆبەخشی (لاوانی ئاینده)، پرۆژەی (نوژەنکردنەوەی سەرەتایی قوتابخانەی کەرکوکی نوێ)ی ئەنجامدا. لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیە، ( ١٢ ) خۆبەخش قوتابخانەی سەرەتایی کەرکوکی نوێیان نۆژەنکردەوە. جوانکردنی سیمای قوتابخانەکە و دروستکردنی کەش و هەوایەکی ئارام بۆ قوتابیان و مامۆستایان لە پارێزگای کەرکوك. پرۆژەکە ماوەی دوو مانگی خایاند.

بودجەی پێبەخشراو: ٤،٢٤١،٠٠٠ دیناری عێراق

ژمارەی سوودمەندبوان: ٢،٠٠٠

- **پرۆژەی پاراستنی ژینگەی شارەکەمان ئەرکی هەمووانە**

گروپی خۆبەخشی (گەنجانی وشیار)، پرۆژەی (پاراستنی ژینگەی شارەکەمان ئەرکی هەمووانە)ی ئەنجامدا. لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیە، ( ١٨ ) خۆبەخش ( ٣٠٠ ) تەنەکەی خۆڵیان دابینکرد و دابەشیان کرد بەسەر پارک و قوتابخانە و گەڕەک و بازاڕ و شوێنە گشتییەکان بەپێی پێویستی لە پارێزگای کەرکوک بۆ ماوەی دوو مانگ

بودجەی پێبەخشراو: ٤،٢٤٨،٧٥٠ دیناری عێراق

ژمارەی سوودمەندبوان: ١٧،٠٧٦

- **پرۆژەی سەوز پۆشکردنی کەمپی بەردەڕەش**

گروپی خۆبەخشی (دۆستانی ژینگە)، پرۆژەی (سەوز پۆشکردنی کەمپی بەردەڕەش)ی ئەنجامدا. لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیە، ( ٦ ) خۆبەخش هەستان بە سەوز پۆشکردنی کەمپی بەردەڕەش. زیاد کردنی ڕێژەی سەوزایی ناوچەکە بەگشتی و کەمپی پەنابەرکان بە تایبەتی لە زەوییەکی ووشکەوە بۆ نیمچە دارستانێک لە قەزای بەردەڕەش بۆ ماوەی دوو مانگ

بودجەی پێبەخشراو: ٤،٠٠٠،٠٠٠ دیناری عێراق

ژمارەی سوودمەندبوان: ٣،٣٢٩

- **پرۆژەی دارستانی دەستکرد**

گروپی خۆبەخشی (ژینگە دۆستانی رزگاری)، پرۆژەی (دارستانی دەستکرد)ی ئەنجامدا. لە رێگەی ئەم پرۆژەیە، ( ٢٥ ) خۆبەخش بە رێژەی سەوزاییان فراوانکرد لە رێگەی دروستکردنی پارکێک لە قەزای کەلار بۆ ماوەی دوو مانگ

بودجەی پێبەخشراو: ٤،٢٠٠،٠٠٠ دیناری عێراق

ژمارەی سوودمەندبوان: ٣،٠٠٠

- **پرۆژەی منداڵەکانی بانکسی**

گروپی خۆبەخشی (هەڵاتن)، پرۆژەی (منداڵەکانی بانکسی)ی ئەنجامدا. لە رێگەی ئەم پرۆژەیە، ( ١٢ ) خۆبەخش زانیاریان لەسەر (١٢٥) منداڵی کارکەری سەرشەقامەکان کۆکردەوە. لە شارەکانی هەولێر، سۆران و قەڵادزێ و کۆیە. سەرەتا بۆ کۆ کردنی زانیارییەکان دیارییەک بەخشرایە منداڵەکە و زانیارییەکانی ئەو منداڵانەیان کۆکردەوە بۆ ئەوەی بزانن دەتوانن کارێکی سادەی هونەری بکەن و چیرۆکێک لەبارەی منداڵەکە نوسرایەوە بە پشت بەستن بە زانیارییەکان و بۆ کارەکەی چیرۆکێك دروست کرا، بۆ هەندێکیان پۆرترەیتێک کێرا و پرینت کرا هتد. دواتر لە پیشانگایەکی داخراو لە شاری هەولێر بەرهەمەکان نمایش کران، پرۆژەکە بەردەوام بوو بۆ ماوەی دوو مانگ

بودجەی پێبەخشراو: ٤،٢٥٠،٠٠٠ دیناری عێراق

ژمارەی سوودمەندبوان: ١٣٥

**لێژنەی هەڵسەنگاندنی ساڵی ٢٠٢١**

عبدولباست ئەحمەد – رێکخراوی نێودەوڵەتی ئنتەرنیوز (Internews)

نسار فەرهاد - ئەندامی رێکخراوی خۆبەخشانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNV)

گۆران رەسوول – چالاکوانی مەدەنی و نوسەر

پرۆژەی (دەستپێشخەری لاوانی خۆبەخش) پرۆژەیەکی ساڵانەی دەزگای روانگەیە کە لە ساڵی ٢٠١٨ بۆ یەکەم جار ئەنجامدرا و ساڵانە لەسەر ئاستی پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە و نەینەوا) ئەنجام دەدرێت. ئامانجی پرۆژەکە هاندانی گەنجانی خۆبەخشە بۆ پێشکەشکردنی پێشنیاری پرۆژە و بەشداریکردن لە پێشبڕکێیەک بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان، بۆ پێشکەشکردنی باشترین خزمەت بە کۆمەڵگە. دەزگای روانگە ساڵانە پرۆژەی 'دەستپێشخەری لاوانی خۆبەخش'ی رادەگەێنێت و ١٢ گروپی خۆبەخشی کۆمەک دەکات. لە ساڵی ٢٠١٨ تاکو ئێستا، ٤٦ کۆمەک کراون و بڕی ١٣٦،٢٦٨،٥٠٠ دیناری عیراق بۆ پرۆژە خۆبەخشییەکان تەرخان کراوە. ٤٥٣ لای خۆبەخش لە پرۆژەکە بەشدارییان کردووە ، هەروەها ١٠٤،٢٠٥ کەس لە پرۆژە خۆبەخشییەکان سوودمەندبوون.